یاریدەدەری پێشووی داواکاری گشتیی ڕژێمی ئێران دوای چەندین ساڵ بەندکردن ئازدکرا

سکرتێری ستافی مافی مرۆڤی دژگای دادوەری ئێران ڕایگەیاند: حەمید نووری کە پێنج ساڵە لە سوید دەستگیرکراوە، ئازادە و چەند کاتژمێرکی تر دەگەڕێتەوە ئێران.

کازم غەریب ئابادی، سکرتێری ستافی مافی مرۆڤی دەسەڵاتی دادوەری ئێران لە تویتەکدا نووسیویەتی: حەمید نووری کە لە ساڵی 2019ەوە لە سوید دەستگیرکراوە، ئازادبوو و دوای چەند کاتژمێرک دەگەڕێتەوە ئێران.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەم سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی هاوکارەکانم لە دەسەڵاتی دادوەری و وەزارەتی ئیتلاعات و وەزارەتی دەرەوە بەتایبەت بۆ شەهیدم دکتۆر ئەمیر عەبدوللاهیان، کە وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران بووە.

حەمید نووری کێیە؟

حەمید نووری ناسراو بە "حەمید عەباسی"، یاریدەدەری پێشووی داواکاری گشتیی ڕژێمی ئێران لە گەوهەردەشت، بە دوو تاوانی سەرکیی شەڕ و کوشتنی بێئەنقەست لە سوید دادگایی کرا.

ناوبراو لە ساڵی 2019 بەهۆی بەشداریکردن لە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسی لە ئێران و

ژەڕاتی کوردستان، سزای بەندکرانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندرا و لە پارێزەرکانی حکومەتی ئێران داوای دادگای پێداچوونەوەیان کرد.

دادگای پێداچوونەوە لە سوید، دوای پشتڕاستکردنەوەی حوکمی هەتاهەتایی حەمید نووری ڕایگەیاند، هەڵسەنگاندنی ئەمە ئەوەیە کە ئەو دەسپێڕە لەلایەن داواکاری گشتییەوە بەهێز و جێگەی متمانەیە و دادگا سەبارەت بە تەمەتە هەڵبەستراوەکان بڕگەی پێویستی لەبەر دەستدایە.

لە کۆتایدا سکرتێری ستافی مافی مرۆڤی دێزگای دادوەری ئێران ئەمرە ڕایگەیاند،حەمید نووری کە پێنج ساڵە لە سوید دەستگیرکراوە، ئازادکراوە و چەند کاتژمێرکی تر دێگەڕێتەوە ئێران.